# لەشاری زاخۆ دوا ژمارەی گۆڤاری لڤین کۆکراوەتەوەو سووتێنراوە

لەشاری زاخۆ دوا ژمارەی گۆڤاری لڤین کۆکراوەتەوەو سووتێنراوە، برایەکی خاوەن کتێبخانەیەکیش لەسەر فرۆشتنی گۆڤارەکە دەستگیرکراوە.
پشتیوان جەمال، ئاوێنە: لەبەیاننامەیەکی گۆڤاری لڤین کە ئەمڕۆ وێنەیەکی بۆ سایتی ئاوێنە نێردراوە، ئاماژە بەوەدراوە کە نیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە هێزەکانی ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری زاخۆ هەڵیانکوتاوەتە سەر کتێبخانەی (مەتینی یەك)و پاش هەڕەشەکردن لەخاوەنی کتێبخانەکە، برایەکی خاوەن کتێبخانەکەیان بەناوی (باوەڕ احمد مقداد بەرواری) تەمەن هەژدە ساڵیان بۆ ماوەی بیستو چوار کاتژمێر دەستگیرکردو پێیانوتووە کە نابێت جارێکیتر گۆڤاری (لڤین) بفرۆشێتو سەرجەم ژمارە (94)ی گۆڤاری (لڤین) کە دوا ژمارەی گۆڤارەکەیە لەزاخۆ کۆکراوەتەوەو سوتێنراوە.
بەیاننامەکە ئاماژەی بەوەداوە "ئەم ڕووداوە لەکاتێکدا بوو کە هەر دوێنی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ ڕۆژنامەنوسانی کوردستان کۆبووەو بەڵێنی ئەوەی پێدان کە لەپشت میدیاوە دەوەستێتو هاوکارییان دەکات، بەڵام بەداخەوە وتەکانی سەرۆکی هەرێم لەمبارەیەوە تەنها یەك کاتژمێر پریان نەکردو هێزەکانی ئاسایش لە شاری زاخۆ دور لە هەموو عورفێکی دیموکراسی هەڵیانکوتایە سەر کتێبخانەی (مەتینی یەك) لەشاری زاخۆو برایەکی خاوەنەکەیان دەستگیر کردو تەواوی ژمارە (94) گۆڤاری (لڤین)یان کۆکردەوەو سوتاندیان".
هەروەها نووسراوە "ئەم کارە لە کاتێکدا کە گۆڤاری لڤین چووەتە قوڵایی ناخی هەموو تاکێکی کوردەوە لە زاخۆ تا خانەقینو بەشێوەیەکی فەرمی بڵاودەبێتەوەو پابەندی یاساو ڕێساکانی کاری ڕۆژنامەگەرییەو هەروەك چۆن ئەخلاقیاتی کاری ڕۆژنامەنووسی ڕەچاودەکات زۆر بەچاکیش مافە یاساییەکانی خۆی دەزانێت لە بارەی بڵاوکردنەوەو ئازادی رادەربڕینەوە، هەر بۆیە هەتا ئێستا لە دادگاکانی کوردستاندا تەنها یەك دۆسیەشی نەدۆراندووە، بۆیە ئێمە لە گۆڤاری لڤین وێڕای بەتوندی ئیدانەکردنی ئەم کارە نادیموکراتیانەی ئاسایشی زاخۆ، داواکارین لە سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی هەرێمی کوردستان لێپێچینەوە لەمبارەیەوە بکاتو داواکارین لە سەندیکای رۆژنامەنووسانیش هەڵوێستی ڕوونیان هەبێتو ئەم کارە نایاساییەی ئاسایشی زاخۆ ئیدانە بکەن".
هەروەها گۆڤارەکە داوا لە گشت ڕێکخراوەکانی بواری ئازادی رادەربڕین لە ناوخۆو دەرەوەی کوردستانیش دەکات لەسەر ئەم کارە قێزەونە کە رێگرتنە لە ئازادی وتنو رادەربڕین بێنە دەنگو ئەم کارەی ئاسایشی زاخۆ ئیدانە بکەن.
لەکۆتاییشدا هاتووە "لەبەرئەوە بەپرواى ئێمە کۆکردنەوەو سوتاندنی گۆڤاری لڤین لە شاری زاخۆ جۆرێکی ترە لە تیرۆر کە بەرامبەر بە ژیانو دیموکراسیەت و ئازادی رادەربڕین دەکرێت لە کوردستاندا، باشتریشە بۆ حورمەتی حکومەتەکەو پاراستنی ناوبانگی ئەزمونەکە لەبری دەستگیرکردنی فرۆشیارانو کۆکردنەوەو سوتاندنی (لڤین) پەنا بۆ یاسا ببرێت کە هەمیشە خاڵی بەهێزی ئێمە بووە".